ناردنی مووچەی مانگی تشرینی یەکەمی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دوادەکەوێت

ناردنی مووچەی مانگی تشرینی یەکەمی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دوادەکەوێت.

بەگوێرەی زانیارییەکان، تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق، گەشتی دەرەوەی وڵاتی کردوە و تا ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ناگەڕێتەوە، هەربۆیە خەرجکردنی موچەی مانگی 10ـی فەرمانبەرانی هەرێم دوادەکەوێت بە دوای بەڕێوەچونی پرسەی سەرۆکایەتی گشتیی دانیشتوان.

هەر بەگوێرەی زانیارییەکان، لە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەم (مانگی 12) ژمێرەی کۆتایی بودجە دادەخرێت تا ناوەڕاستی مانگی یەکی ساڵی داهاتو، هەربۆیە ناردنی موچەی مانگەکانی 11 و 12ی فەرمانبەرانی هەرێم کێشەی بە دروست دەبێت.

کێشەیەکی تری بەردەم ناردنی موچەی مانگەکانی 11 و 12ـی فەرمانبەرانی هەرێم، ئەوەیە کە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق تەواو بوە کە 11 ترلیۆن و نیو بوە، بەیە بە موچەی ئەو دوو مانگە، پێویستی بە گواستنەوەی پارەیە لە بودجەی وەبەرهێنانەوە بە بودجەی بەکاربردن و ئەوش پێویستی بە ڕازامەندیی حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیە.

سەرەڕای ئەوەی نزیکەی سێ هەفتەیە، لیستی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕەوانەی بەغداد کراوە، بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان، تا ئێستاش داببشکردنی هاتنی

موچ□ی مانگی 10 دیار نیی□.